# ئەنگلینا بۆ فێستیڤاڵێک بانگهێشتی هەولێر دەکرێ



بریارە لەمانگی نیسانی ساڵی 2011 گەورەترین فێستیڤاڵی هونەری و ڕۆشنبیری بەبەشداری چەندین کەسایەتی و هونەرمەندی ناوداری جیهانی لەسەر قەلاتی هەولێر، پێتەختی هەرێمی کوردستان ڕێکبخرێت.

د.ڕۆژدی سەعید سەرۆکی گروپی کۆمپانیاکانی عادل ئەلموتەحیدە لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاندوە کە ئەوان هەرئێستا لەهەوڵی بەردەوامدان بۆ ئامادەکارییەکانی گەورەترین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی بۆ ڕۆشنبیری و هونەر، کە هەریەکە لەهونەرمەندان ئەرنۆڵد شورزوانگەر و ئەنجلینا جۆلی و عادل ئیمام و سیلفستەر ستالۆن و سەمیر غانم، نور شەریف و شەعبان و چەندین هونەرمەندی ناوداری دیکە جیهان بانگهێشت دەکرێن.

سەرۆکی گروپی کۆمپانیاکانی عادل ئەلموتەحیدە ئاشکرای کردوە کە ئەو فێستیڤاڵە هاوشێوەی فێستیڤاڵە گەورەکانی وەکو کان و جەرش دەبێت، ساڵانە لەهەولێری پێتەختی هەرێمی کوردستان درێژەی پێدەدرێ، ئامانج لە سازکردن و پێکهێنانی فێستیڤاڵەکەش پێشاندانی ڕووی گەش و ئاوەدانی کوردستانە و مەبەست قازانج و سوودبردن نیە.

جێی ئاماژەیە کە کۆمپانیای عادل ئەلموتەحیدە لە ماوەی کورتی کارکردنی لە کوردستاندا ناوبانگی گەورەی پەیداکردوەو توانیویەتی چەندین هونەرمەندی بیانی بێنێتە کوردستان یان ریکلامیان پبکات، بەڵام تا ئێستا نازاندرێ کە لەو فێستیڤاڵەدا خەڵاتی گران بەها بەسەر هونەرمەندان دابەش دەکرێ یان نا؟! چونکە وەک باوە لە زربەی فستیڤاڵە نیودەوڵەتیەکاندا خەڵاتی گران بەها لەسەر هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکان بە ئەکتەرو هونەرمەندەکان دەبەخشدرێ.

**ئامادەکردنی: کاکی لازۆ**

# ژوانگە

## کۆتایی کێشەکان

کێشەو گرفتەکان، پێشهات و ڕووداوەکان، ڕامان و داخوازیەکان هەر هەموویان سەرەتاو کۆتاییان هەیە، بەڵام باشی و چاکی لە وێستگە و ڕەنگی کۆتابووندا بەرجەستە دەبێ.

گرێکوێرەی پێکهێنانی کابینەی نوێی عێراق کرایەوە، ڕەنگی سەوزی شیعەکان خۆی نواند و مەزهەب بردیەوە. ئەو دەنگۆیانەش کۆتابوون کە پێیانوابوو ئیدی پۆستی سەرکۆماری بۆ کورد نابێ، چەپڵەلێدان بۆ دەستپێشخەریەکەی سەرۆک بارزانی و ڕابوونەوەی ئەندامانی پەرلەمان لەبەردەم هەنگاوەکانی سەرۆک تاڵەبانیدا گۆمی گومانی ڕەواندەوەو درەختی پێداگری کوردستانیان بەرهەمی خۆی پێشانی جیهانیان دا.

پاشای عەرەبستانی سعودی، دەستەڵاتدارانی تورکیاو سەرانی وڵاتانی دیکە لە ناکام بوونی هەوڵ و خواستەکانیان سام گرتی بوون، بەڵام دیسانیشەوە پیرۆزباییان لە سەرۆک تاڵەبانی کردو هیوای سەرکەوتنیان بۆ خواست، کەچی هێشتا وازیان لە مەرام و نیازەکانیان دژ بە کوردستانیان نەهێناوەو بۆیە دەبێ شێلگیرانە بەپێوەبین تا ناکامی کۆتایی بە چاوی خۆیان دەبینن.

ڕەفتارو کردەوەکانی ڕابردوو لە باوەشی مێژوودا خەوتوون، بەڵام جارنا جارە سەرقوت دەکەنەوە، بۆیە دەبێ لە هزرماندا پێوانەیان بۆ بکەین و ڕێ نەدەین دووپات ببنەوە. سەردەمی قڕکردن و ڕاونان و بێماف هێشتنەوەی کوردستانیان بەرەو کاڵ بوونەوە ڕۆیشتووە، دەبێ بە وێستگەی کۆتایی بگات، ئەوەش پێویست بە هەڵسان و ڕابوونەوەی خۆمان دەکات.

سەرەتای دۆزی کورد بە ترس و تۆقاندن و نکۆڵی لێکردن دەستی پێکرد، بەڵام دەبێ بە گوڵبارانکردن کۆتای پێبێت. بۆ ئەو گوڵباران کردنەش نابێ چاومان لە دەست و مەچەکی کەس بێ، گەرەکە خۆمان ڕاوەستاوانەتر، بوێرانەتر و بەدەنگی بەرزترو بانگ ڕادێرین و هەنگاوی بۆ هەڵبگرینەوە.

بۆ پتەوکردنی هەنگاوەکانیش وادەخوازێ کە منداڵەکانمان لەسەر چەمکی ڕزگاری و سەربەخۆیی ڕابهێنین، ڕابردوویان بۆ بخوێنینەوە تا داهاتوومان مسۆگەر بکەین.

داهاتووشمان بەوە مسۆگەر دەبێ کە خۆمان لەدیتران بەکەمتر نەزانین و بە کەم مافی و نابەرابەری پەسند نەکەین.

ڕۆژی گەل

rojiigel@hotmail.com

## ستزانبێژێکی ئێرانی حەوت ملیۆن سی دی دەفرۆشێ



دوای پێنج ساڵ چاوەڕوانی، سامی یوسف گۆرانیبێژی ناسراوی ئێرانی توانی سێهەمین ئەلبوومی خۆی بڵاو بکاتەوە.

لە هەر کوێ هەی، ناوی سێهەمین ئەلبوومی سترانبێژی ناوداری ئێرانیە، کە لەلایەن کۆمپانیای ئای تی ئێم ئینتەرناشناڵ بڵاوکراوەتەوە.

جێی ئاماژەیە کە پێشتر دوو ئەلبوومی بەناوەکانی مامۆستا و نەتەوەی من بڵاوکردبۆەوە.

سێهەمین ئەلبوومی سامی یوسف یازدە تراکتی لەخۆی گرتووە کە بریتین لە ( لەهەرکوێ هەی، سڵاو، بەبێ تۆ، تۆ بۆمن گەرایەوە، دەرفەت بە جوانیت بدە، دادگەی ژیان، نیگەرانی کۆتایی هات، جیهانی شکەندە، لەهەر فرمێسکێک ئەو لەوێیە، منت بەهێز دروست کرد و پەیڤێ شیاوی تۆ نیە) کە تەواوی ئاوازەکانیش لەلایەن خۆیەوە داندراون، هەروەها دەقی سێ تراکتیش لە هۆنراوەکانی خۆیدا هەڵبژاردوون.

هەرچەندە زۆربەی تراکتەکان بە زمانی بیانین، بەڵام هەندێک لە تراکتەکانی بە زمانی فارسی چریوە.

جێی ئاماژەیە کە تا ئێستا حەوت ملیۆن دانە لەبەرهەمەکەی فرۆشراوە، ئەمەش ژمارەیەکی یەکجار زۆرە.

## هونەرمەند عەلی باران لە چەند دێڕێکدا



عەلی باران ساڵی 1956 لە گوندی بارگەنی دەرسیم لە باکوری کوردستان چاوی بۆ ژیان کردۆتەوە. بنەماڵەی ئەوان بە هەردوو زاراوەی کرمانجی و زازایی قسە دەکەن، ئەوەش وایکردوە کە باران زۆر بە ئاسانی بەهەردوو زاراوەکە گۆرانی بسترێ.

باران لەتەمەنی حەفت ساڵاندا دەچێتە بەر خوێندن، دوای تەواو کردنی خوێندن لە ساڵی 1978 بەرەو ئەڵمانیا دەڕوات.

عەلی باران لە بنەماڵەیێکی هونەرمەند پەروەردە بووە، موحەمەد بارانی باوکی گۆرانیبێژ بوە، هەروەها دایکیشی دەنگی خۆشبووەو لەنێو کۆڕی ژناندا سترانی چڕیوە. هەر لەتەمەنی 6 ساڵیدا فێر دەهۆڵ ژەنین و لە 12 ساڵیش توانیویەتی تەنبور بژەنێ. یەکەمین جار لە ساڵی 1976 لەسەر شانۆ گۆرانی گوتوە. ساڵی 1977 کۆنسێرتێکی گەورەی لە سینەمای شاری دیاربەکر سازکردوەو گۆرانی کوردی گوتوە، هەر دوای تەواوبوونی کۆنسێرتەکە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە و 2 مانگ لە زینداندا ڕاگیراوە. دوای ئازاد بوونی بەرەو ئەڵمانیا ڕۆیشتووە.

تا ئێستا هەشت ئەلبوومی بڵاوکراوەی هەیە. زۆربەی گۆرانیەکانیشێ سیاسین و باس لە

## زامبیا گۆرانییێکی نوێ تۆمار دەکات



هونەرمەند زامبیا" لە لێدوانێکدا بە ئاژانسی "پەیامنێر"ی ڕاگەیاندووە کە ئێستا سەرقاڵی بەرهەمهێنانی گۆرانییێکی نوێیە.

سەبارەت بەو بەرهەمە هونەریە گوتویەتی بەرهەمەکە لە قوناغی سەرەتایی بەرهەمهێنان دایە، ناوەکەی ئاشکرا ناکەم، بەڵام لە ماوەی داهاتوودا بەرهەمەکە بڵاو دەبێتەوە.

زامبیا لە پێوەند بەوەی کە بۆچی ماوەیەکی زۆرە بەرهەمی نوێی بڵاو نەکردۆتەوە، گوتویەتی: 'من بە کەمی بەرهەمم بڵاو کردۆتەوە، حەز دەکەم بەرهەمەکانم کەم بن و پوخت بن، واتە لەبەرانبەر کەمیدا بەرهەمێکی باش بێت'

هەر لەو پێوەندە ڕاگەیاندوە کە بە نیازی ئەوە نیە ژمارەیەکی زۆر بەرهەم بڵاو بکاتەوە، بەڵکو دەیەوێ ئەو بەرهەمانەی کە بڵاو دەکرێنە لە ڕووی ناوەڕۆک دا لاواز نەبن و جێی پەسندی لایەنگرانی بن.

هەر سەبارەت بە کەمی بەرهەم، زمبیا حەمە عەزیز ئاشکرای کردوە کە هۆکاری کەمی بەرهەمەکانی بۆ نەبوونی پشتیوانی ماددی دەگەڕێنەوە. هەروەها ئاشکرای کردوە کە تێچووی سەرجەم گۆرانی و کلیپەکانی لە ئەستۆی خۆی بووە، خۆیشی ئەو توانایە ئابوریەی نیە کە بتوانێ بەرهەمی زۆر پێشکەش بکات.

جێی ئاماژەیە کە زامبیا حەمە عەزیز دەرچووی پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان و لە دایکبووی شاری سلێمانیە، سەرەڕای کارکردنی لە کەناڵێکی ڕاگەیاندندا وەکو هونەرمەند ناسراوەو ناوبانگی پەیداکردوە.

دەگوترێ کە زامبیا بە گومانەوە درێژە بە کاری هونەری دەدات، چونکە هەندێک جار لە ناسینی کەسەکان پەشیمان دەبێتەوەو خۆزگە دەخوازێ کە ئەوانی نەناسیبوایە.

**ئامادەکردنی: چرۆ**

## دێوانەی شیاو بێرۆژ



گۆرانیبێژی لاو **شیاو بێرۆژ** کلیپی گۆرانی دێوانەی تەواوکردوەو دەیخاتە بەرچاوی بینەرانەوە.

دیوانە لە ئاوازو هۆنراوەی هونەرمەند خۆیەتی و لەسەر ئەستۆی خۆیشی تۆمار کراوە،بەڵام هونەرمەند هێمن حوسێن کاری دابەشکردنی بۆ ئەنجام داوە، هەروەها ژەنیاران هێمن حوسین، سەید ئەحمد ڕواندزی، گۆران جەمال، ئومید باڵەبان هاوکاریان لەگەڵدا کردوە.

دێوانە لە ستۆدیۆی میلۆدی لە شاری هەولیر تۆمار کراوە، بەڵام کاری دەنگەکەی لە ستۆدیۆی سڤاین لە وڵاتی نەرویج ئەنجام دراوە، دیمەنەکانی گۆرانی دێوانە لەلایەن کۆمپانیای لیۆ فیلم لە وڵاتی نەرویج وینە بۆ هەڵگیراوە، کامێرامان پێشەوا نەبەرد خۆی سیناریۆی بۆ کلیپەکە داڕشتووەو وێنەشی بۆ گرتووە.